
# پێشمەرگە

## ئەحمەد دەشتی



پێشـــمەرگە ناوی هێنـدە پیرۆزە
کەوا دڵسـۆزی ئەم گەل و هۆزە
پێشمەرگە هەرگیز ناگۆڕێ ناوی
کوردو کوردســـتان بویتە گراوی
پێشـمەرگەناوی لە خوێنی کوردە
جوانترین نـاوی مەردان و گوردە
پێشمەرگە هێمای سـەربەخۆییە
بۆکوردســـــتانم هەر سەرورەیە
پێشـمەرگە مانای قوربانی بوونە
بۆ کوردسـتانمان سەربەخۆ بوونە
هیچ هێزێ نیە کە بێتە مەیـــدان
بگۆڕێ‌ناوی‌پێشمەرگەی کوردان
پێشمەرگەهیواوهەست و بیرمانە
ڕەمزی‌ڕزگاری وســەرخۆ بونمانە
پێشمەرگە نەبێ کوردســـتان نیە
سەرورەری بۆ کــــورد لە ئارا نیە
بژی پێشـــمەرگە و ناوی پیرۆزی
بۆ ســەرکەوتنی کوردو نەورۆزی

ئەم هۆنراوەیەم پێشکەشە بە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردو کوردستان کە هەمیشە هەر ســــەربەرزن و مایەی سەرکەوتن و بەختەوەری هەمیشەیی گەلی کوردن هیوای‌سەربەخۆیی کوردو کوردستانن.

ئەم وێنەی‌ش هونەرمەند جەمال بەختیاری ناودار کێشاویەتەوە بە یادی شەهید کردنی نەمرو پێشمەرگە موحەمەد حاجی کە بە دەستی بەعسیەکانی دڕندە لە هەولێر لە ساڵانی هەفتاکان کە لێپرسراوی ناوچەی هەولیری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو شەهیدکرا و هەزاران سلا و لە گیانی پاکی ئەم شەهیدە قارەمانە و هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان ، هەزاران تف و نەفرینیش بۆ داگیرکەران و هەموو نەیارانی کوردستان و بژێ کورد بژی کوردستان .